## ((هێورکردنەوە))          ك.ج ـ هەڵوەدا

رۆڵی گەورەی ((ناو)) لە پرۆسەی گەیاندنی مەبەستدا، یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی شیعری ((عەبدوڵلاپەشێو))ە. لەبەروەی شیعرەکانی پەشێو کورتن ئەرکێکی جیاواز لە ناسنامەی شیعری بە ناو ئەسپێردراوە. پەشێو حەولی داوە بەشێکی هەرە زۆر لە ئەرکی گەیاندنی ویستی ناوئاخنی شیعرەکە بخاتە ئەستۆی ناوەکەی. ئەمە ئەگەرنا بە سەرجەم شیعرەکانیەوە، بە زۆربەیانەوە دیارە.ئەو تایبەتمەندییە وای کردووە لە زۆر شیعریدا، ((ناو)) پوختەی شیعرەکە بێت و ئەوەی بەدوایا دێت وەك تەفسیری ناوەکە بچێت.

بۆ نموونە ئاماژەیەك بە شیعری ((هێورکردنەوە)) دەکەم، هەم بۆ چوونە ناو شیعرەکە هەمیش بۆ بەڵگەی ئەم باسە:

هێندە خەم مەخۆ کە پێش ناسینم
پرچی خۆت بڕی، ئەی خەمشیرینم!
من کە تا ئێستا قەت دەربەست نەبووم
کورت بێ یا درێژ تاڵەمووی ژینم،
دەپاڕێمەوە عومرم درێژ بێ،
بەڵکوو درێژی پرچت ببینم! [1]

لەم شیعرەدا وشەی ((پرچ)) سەرچۆپی بۆ وشەکانیتر گرتووە و بۆتە ئاڵای حکوومەتی خۆشەویستی شاعیر. (جارهەیە تاکە وشەیێ/ دەتکێتە ناو چاوی شیعرێ/ تا سەرچۆپی/ بۆ وشەکانیتر بگرێ/...) [2]

بەیتی یەکەم:

وادیارە پێش پێنانی کاروانی دڵدار لە هەرێمی خۆشەویستی، گەنجینە هێشتا نەناسراوەکەی بە تاڵان چووە. (.../کەچی من هەموو سبەینان/ گەنجینەیەك دەدۆزمەوە/ کە دەبینم کەزی و بسکت/ نیوەی بالیفمی تەنیوە.) [3]. بەڵام خەمخواردنی گراوی بۆ پرچێك کە خۆی بڕیویەتی بۆ؟

ئالێرەدا نهێنی خۆشویستنی پرچ لە لایەن شاعیرەوە خویا دەبێت، ئەو چەپکە گڕەی ژووری تاریکی ئەوی پێڕووناك ئەبێتەوە. (کەزیت چەپکە ئاگرێکە/ هەموو رۆژێ دەڕژێتە ناو ژووری تارم/...)٤. [بێ هەژمار شاعیر پرچیان بە شەوەزەنگ شوبهاندووە بەڵام ئەم پرچەم تەنیا لەلای پەشێو بلێسەدار و رووناکیدەر دیتووە!]. ئاشکرا دەبێ کە شاعیر شێتی پرچە، بۆیە گراویەکەی پەشیمانی قرتاندنی ئەو گوڵە جۆیانەیە. (سەرت مەشخەڵە و/ قژت لاسکی گوڵەجۆ/...)٥. هەر لەم بەیتەشدا خۆشەویستبوونی شاعیر لە لایەن گراویەکەیەوە دەردەکەوێ، گراوی خەم بۆ خەمەکەی ئەو دەخوا، واتە نەك خەمی پرچ، بەڵکوو خەمی خەمخواردنی شاعیریەتی. بەڵام هێشتا رادەی خۆشەویستبوونی خۆی لە لایەن شاعیرەوە گومە. لەم بەیتەدا گراوی تەنیا دەلاوێنرێتەوە و شاعیر ئەو خۆشەویستییەی دەریدەخا بۆ پرچە نەك بۆ ئەو.

بەیتی دووهەم و سێهەم:

لێرەدایە کە خۆشەویستی شاعیریش بۆ گراویەکەی ئاشکرا دەبێ، ئەو خۆشەویستیەی کە لە پاڵیدا هەموو ژینی لە هەمبەر پرچی گراویەکەیدا پێ بە تاڵەمووەکە و لە رادەی خۆشەویستی ئەویشی تێپەڕاندووە. ئەوە نیە خۆی دەڵێ (من تا ئێستا قەت دەربەست نەبووم)، کەچی لێرەدا نزا بۆ عومرێکی درێژ دەکا - دەربەست بوون - بۆوەی نوقمی گێژاوی شەوبۆ بێت. (لەو شەوەوە سەرینێك/ سەراپای نوقم کردم/ لە گێژاوی شەوبۆدا/...)٦. واتە گراوی پەشیمانە و شاعیر دەربەست. بەڵام ئاخۆ دەربەستییەکە کۆیلەتییە؟ نا، بەڵکوو رۆچوون و تێکەڵاوبوون و بێخواردنەوەیە بۆ دۆزینەوە و شادبوونەوە بە دیداری مامۆستاکەی فەلسەفەی. (.../دانی پیا دەنێم:/ هەرچی دەیزانم لە فەلسەفەی ژین/ ئەو فێرم دەکا!)٧.

بەم لێکدانەوەیە دەرکەوت کە پرچی سەرچۆپیگر، کۆڕی خۆشەویستی پەشێوی گەرم کردووە و پەشێویش پرچی گراویەکەی نەمر کردووە، (حەزدەکەم،زۆر حەزدەکەم/ قژی کچانی وارشۆ/ بە هەڵبەستێك نەمر کەم/...)٨. بەڵام هێشتان تاپۆی لاواندنەوەی دڵبەرەکەی زاڵە و بۆ ئەو مەبەستەیە کە پێی لە پیرۆزی پرچ ناوە و دانی بە مامۆستایەتی ئەوا هێناوە. دیارە هەموو شیعرەکە تەفسیری سووڕەتی ناوەکەیەتی.

دوا وتە: وشەی شیرینی «خەمشیرین» دەبێ لە کارگەی بیری پەشێو بەرهەم هاتبێت، چونکە نامۆیە بە فەرهەنگەکان. (وشەیەکە و دەیدۆزمەوە/ .../ گەر هەر نەبوو،/دایدەتاشم!/ ...)[٩].

---

1- بەرەو زەردەپەڕ.

2- بۆچاوڕەشێکیباکۆیی- شەونیە خەونتان پێوەنەبینم.

3- گەنجینە-برووسکەچاندن.

4- لێت نەگۆڕێ - شەونیە...

5- ژن - ش.بێکەس.

6- ئەلها - بەرەوزەردەپەڕ.

7- پرچ - بەرەوزەردەپەڕ.

8- بیری هەورگر - شەونیە...

9- هۆنراوەیەکی ناتەواو - بەرەوزەردەپەڕ.